# ئاست و شـێوەكانـی بەشداری سیـاسی

د.ابراهیم أبراش
و- حیكمەت نامیق

## یەكەم: ئاستەكانی بەشداری سیاسی

بەشـێوەیـەكی گشـتی ئاسـتـەكانی بەشـداری سـیاسـی لەنێوان كۆمـەڵگاكـان جیاوازە، هـەروەهـا لـەناو یەك كۆمـەڵگادا لە كـاتێكەوە بۆ كـاتێكی تر و لە سـیسـتـەمێكی حـوكمەوە بۆ سـیسـتـەمێكی تر دەگـۆڕێت، ئەم بەشـدارییـە دەگاتە قـۆناغی گرتنـەدەسـتی پۆسـتـە سـیاسـییە باڵاكـان دەنگدانی هـەڵبـژاردن، هـەروەكو تێبینی دەكرێ بەشـێوەیـەكی گـشـتی كـە پیـاوان لە ئافـرەتان زیاتر و لاوان لە بەسـالاچووان زیاتر روو لە بـەشـداری سـیـاسـی دەكـەن. چـەندین ئیـعـتـیـبـارات و هـۆكـاری دەروونی و كـۆمـەڵایەتـی و ئابووری رۆڵ دەگێڕن لە دیاری كردنی واقعی بەشداری سیاسی.

لە توێژینـەوەیەكدا كـە لە سـەرەتای شـەسـتـەكـان (كـارل دوتش) ئەنجـامی داوە سێ ئـاسـتی بۆ بـەشـداری سـیـاسـی دەسـتنیشـان كردووە.

**ئاستی یەكەم:** ئەمە بەرزترینیانە، ئەمانە ئەندامە چالاكەكانن لە

کاری سیاسیدا، کارل دوتش شەش مەرجی داناوە و، وای داناوە کە سێ مەرج لەم مەرجانە لە کەسێک دا هەبن ئەو کەسە ئەندامە لەم گرووپە مەرجەکانیش ئەمانەن:

أ- ئەندام بوون لە رێکخراوێکی سیاسی.

ب- خۆ تەرخان کردن بۆ رێکخراوێکی سیاسی یان کاندید بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان.

ج- ئامادەبوون لە کۆبوونەوە سیاسییەکان بەشێوەی دەوری.

د- بەشداربوون لە هەڵمەتی هەڵبژاردن.

هـ- ئاراستەکردنی نامەو پەیام دەربارەی کێشە سیاسییەکان بۆ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و نوێنەران یان رۆژنامە.

و-قسەو گفتوگۆ کردن دەربارەی سیاسەت لەگەڵ کەسایەتییەکانی دەرەوەی چوارچێوەی ئەو بازنە تەسکەی دەوری تاکەکەس داوە.

**ئاستی دووەم:** ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گرنگی بە چالاکی سیاسی دەدەن و گرنگترینیان ئەوانەن کە دەنگ دەدەن لە هەڵبژاردنەکان و بەشێوەیەکی گشتی بەدواداچوون بۆ ئەو رووداوانە دەکەن کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا روو دەدەن.

ئاستی سێیەم: ئەوانە دەگرێتەوە کە بەشێوەی وەرزی بەشداری لە کاری سیاسیدا دەکەن، یان بە ناچاری بەشداری دەکەن لەکاتی تەنگژە و کاتێک بەرژەوەندییەکانیان دووچاری هەڕەشەدێت.

*** هۆکارەکانی خۆ دوور خستنەوە لە بەشداریکردن:**

ئەگەر بەشداری سیاسی گوزارشت بێت لە ئازادی هاووڵاتی بۆ دەربرینی رایەکەی بە راشکاوی، و بە مافێک لە مافەکانی دابنرێت کە دەستوور بۆی زامن دەکات- لە دەوڵەتە دیموکراسییەکان-ئەوا هاووڵاتی بەردەوام پەنا ناباتە بەر مومارەسەی ئەم مافە، زۆرێک لە تاکەکان گرنگی بە ژیانی سیاسی گشتی نادەن، بەڵکو خۆیان دوور دەخەنەوە لە هەر کارێک کە پەیوەندی بە سیاسەت هەبێت.

*** هۆکارەکانی خۆ دوورخستنەوە لە بەشداری سیاسی لەم خاڵانە کورت دەکەینەوە:**

١- بەکاریگەری و کارتێکردنی پێگەیاندنی سیاسی کە بە تاک گەیشتووە و لەلای بەهێزبووە کە باشترە دوور بکەوێتەوە لە سیاسەت و سەر ئێشەکانی و بەجێهێشتنی کاروبارە سیاسییەکان بۆ خاوەن و پسپۆڕەکانی.

٢- ترسان لە سیاسەت و دەسەڵات، و ئەوەی بەدوایاندادێت:

ئەمەش کارێکە یان بەرهەم هاتووە لە واقیعێکی دیاری کراو، کە هاووڵاتی بەهۆیەوە دووچاری زیان دەبێت- وەک بەندکردن یان لێدان یان پێ بژاردن، لەبەر هۆکاری سیاسی، یان بەرهەم هاتووە لە لاوازی کەسایەتی یەکەی و هەستکردنی بە نەتوانینی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی هەرچەند لە ئاستی دەربڕینی راشدابێت.

٣-هەستکردن بە بێ سوودی و گاڵتەجاڕی بەشداری سیاسی:

ئەم هەستکردنە عادەتەن لەو دەوڵەتانە لەدایک دەبێ کە دیموکراتییەتی رووکەش و هەڵبژاردنی دوور لە پاکی و بێگەردی تیا ئەنجام دەدرێت، کە هاووڵاتیان هەست دەکەن کاروبارەکان لە پێشدا دیاری کراوە، و هەڵبژاردن تەنیا گەمەیەکە بۆ پێدانی شەرعیەتی ئەو بارەی کە هەیە، و پارتە سیاسییەکان بەشێکن لەو گەمە سیاسییە و ئەنجامەکانی سندوقی دەنگدن ئەو ئەنجامانە نین کە بەشێوەیەکی رەسمی راگەیەنراون، هەموو ئەمانە پاڵ بە هاووڵاتیانەوە دەنێت کە خۆیان دوور بخەنەوە لە بەشداری کردن هەرچەندە دەزانن کە مافی خۆیانە بەشداری بکەن.

٤- نەزانی و نەخوێندەواری: نەبوونی زانیاری و پەی پێ نەبردنی هاووڵاتی بەوەی کە لە دەوروبەری روودەدات، و نەبوونی زانیاریی دەربارەی ژیانی سیاسی و نەتوانین لە بەچاکتر دانانی لە نێوان ئەو بەرنامانەی کە لە ململانێ و زۆران بازیدان، یان زانینی هۆکارەکانی ململانێیە سیاسییەکان، هەستێکی لا دروست دەبێت بەوەی کە ئەو هیچ رۆڵێکی لە ژیانی سیاسی دا نییە، و ئەوەی کە سوودی بۆ ئەو هەیە ئەوەیە کە هەوڵ و کۆششی بۆ کاروبارەکانی تر تەرخان بکات.

٥- نارازی بوون لەو رێکخستنە سیاسییەی کە هەیە بە هەموو شێوەکانی:

هەندێ لە تاکەکان، و لەنێوانیاندا، ئەوانەی چوارچێوە بۆ هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان دادەنێن، سەیری ئەو ژیانە سیاسییە باوە دەکەن (وەک سیستەم و هێزی بەرهەڵستکار کە کار دەکات لەناو شەرعیەتی ئەو بارەی کە هەیە) پشت نابەستێت بە مەشروعیەتی راستەقینە، و هەروەها بەشداربوونی لە ژیانی سیاسی لەناو کەناڵەکانی کاری سیاسی دیاری کراو لەلایەن سیستەمی سیاسییەوە، بە پەسەندکردنی ئەو بارەی کە هەیە دادەنرێت و زیاتر مەشروعیەتی پێ دەبەخشێ.

٦- لاوازی هەستی نیشتمانی و نەبوونی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لەلایەن

چینەکـانی کۆمـەڵگاوە- بەتایبـەتی چینە بـالا خـۆشگوزەرانەکـان:- ئـەمـەش جـۆرێک لە گاڵتەکردن بە سیاسـەت بەگشتی لەلایـان دروست دەکات، چونکە وا باوەڕ دەکەن کـە سـیـاسـەت و بـەشـداری سـیـاسی تەنیـا رابواردنە بە هەژاران و ئەوانەی لە چینی ناوەڕاستن، کە تێ دەکۆشن بۆ دەسەڵات و سامان و باش کردنی ژیانیان، بەڵام ئەوانەی خـاوەن مـاددەو سـامـانن گرنگ نییـە لەلایان کێ حـوکم دەکات و کێ سـەردەکـەوێ لە هەڵبژاردنەکـان یان سـەرناکەوێ، و ئەمانە گـرنگی بە بەشـداری سیاسـی نادەن تەنیا ئەگەر هەستیان کرد بەرژەوەندییەکانیان راستەخۆ لە مەترسی هەڕەشەکردندایە.

٧- لە کـۆتـاییـدا پاشـەکـشێ کـردن لە بـەشـداری سـیـاسی لـە وڵاتە دیموکـراتـیـیـە پێشکەوتووەکان کـە لە رووی سیاسـیـیـەوە جێگیـرن روودەدات، و تاکـەکان هەست بە دڵنیـایی دەکـەن لەو سـیـسـتـەمـە سـیـاسـیـیـەی کـە هەیە و هەروەها بـە دامـودەزگـا و مـیکانیـزمی کـارەکـانی، مـتـمـانەی تەواوی خـۆیان پێ دەبەخـشن، و بـەشـداری سیاسـییـەکـەیان لەوەدا خۆی دەبینێـتـەوە کە ئەگەر داوایان لێکرا بەشداری بکەن لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکان، و هەتا لەم حاڵەتەشدا بەشداری کردنەکەیان بەهێز نییە، و لەو هۆکـارانەی تر کـە خـۆیان دوور دەخـەنەوە لە بەشـداری کـردن، بـوونی دامـەزراوو دەزگـای تر- وەک هۆکارەکانی راگەیاندن و دام و دەزگای یاسایی و کۆمـەڵایەتی- کـە هەڵدەستێت بە ئەرکی چاودێری کردنی سیستەمی سیاسی و دەستەبەری دەرنەچوونی لە بنچـینەکـانی دیموکـراتیـەت لـە کـۆمـەڵگا، هەروەهـا هەسـتکردنی هاووڵاتـی لەو کۆمەڵگایانەدا کـە هەموو شتێک بەدی هـاتووە بۆی و لە هیچ شـتێکی کەم نییـە، ئیـتر بۆچی خۆی خەریک بکات بە سیاسەت و خەمەکانی. ئەم نموونە رێک پێچەوانە دەبێتەوە لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم، چونکە نەبوونی متمانە بە سیستەمە سیاسییەکان و حـاڵەتی کـەڵەکـەبووی هەژاری و خـراپ دابەشکردنـی سـامـان، و فـەراهەم نەکـردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان، هەموو ئەمانە پاڵیان پێوە دەنێت کە گرنگی بە مـەسـەلە سـیاسـییـەکان بدەن، و سـەرچاوەی ئەم گـرنگی دانەش، ئارەزووی ژیـانێکی باشتـر و پرسیـار کردنە لە هۆکـارەکانی بڵاوبوونەوەی هەژاری، و ئەوانـەش خۆیان دوور ناخـەنەوە، لە پێناوی گۆڕینی ئەو بارودۆخـە، و مومـارەسـەی سیاسـەت دەکەن بە هـەموو شێوەکانی- شۆڕش- کودەتا- توندوتیژی.

## دووەم: پاڵنەرەکانی بەشداری سیاسی

چەند هۆکارێک هەیە پاڵنەری بەشداریی سیاسیین، هاووڵاتی سیاسی ئەو مرۆڤە ژیرەیە کە مومارەسەی رەفتارێکی کۆمەڵایەتی سیاسی ناکات، مەگەر بزانێت کە سوود یان بەرژەوەندی کەسی یان گشتی، ماددی یان مەعنەوی، ئێستا یان داهاتووی تێدایە، ئینجا بەشداری دەکات. بێ گومان بەشداریی سیاسی ئەرکێکی نیشتمانییە لەسەر هەموو کەسێک کە بالغ و ژیربێت، بەڵام ئەرکی نیشتمانی بە تەنیا بەشدارییەکی سیاسی کارا ناهێنێتەدی، بەشداریی سیاسی کارێکە بە ویست دەکرێ.

ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەری بەشداری سیاسییە

١- پاڵنەرە دەروونییەکان، ئەوەی بەشداری لە سیاسەتدا دەکات هەوڵ دەدات و تێ دەکۆشێ کە بوونی خۆی بسەلمێنێ، و تەئکید کردنەوە لەوەی کە مرۆڤێکی خاوەن ویستی سەربەخۆیەو دەتوانێت دەربارەی بابەتی سیاسی کەلای ئەو گرنگە هەڵوێست وەر بگرێت، و بەشداری کردن بە نیسبەت ئەو جۆرێک لە دڵنیایی و متمانە بەخۆ بوون دەبەخشێ.

٢- بەشداربوون وەک گوزارشت لە هۆشیاری سیاسی:

ژمارەیەک لە بەشداربووانی سیاسی وەکو جۆرێک لە ئەرکی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ بەشداریی سیاسی دەکەن و وەک بەرپرسیاریەتی نیشتمانی پێویستە کە هاووڵاتی راستەقینە کەمتەرخەمی و تەمەڵی نەکات لە هەڵسان بەم ئەرکە، بەشداربوو لێرەدا لەنێوان ئەو مافانەی کە بەدەستی دەهێنێت وەک ئەندامێکی کۆمەڵگاو، و ئەرکەکانی بەرامبەر ئەم کۆمەڵگایە پێکەوە دەبەستێت، و لەدواییدا وەک ئەرکێکی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ بەشداربوون دەکات.

٣- بەشدری سیاسی وەک ئامرازێک بۆ گوزارشت کردن لە دواکارییەکان:

لەم حاڵەتەدا، ئەم داواکارییانە لەوانەیە شێوازی سەندیکایی سیاسی یان کۆمەڵایەتی وەربگرێت، و ئەوەی کە بەشداری لە راپرسی یان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یان هەڵبژاردنی پارتی سیاسی دەکات، وای دەبینێ کە بەم بەشداری کردنە داوکارییەکانی بەدی دێت.

٤- بەشداری سیاسی بە پاڵنەری ئایینی یان نەژادی:

ئەم جۆرە بەشداریکردنە لەلایەن بزووتنەوە نەتەوەیی و کۆمەڵە ئایینییەکان

دەردەکەوێت، تاکەکانی ئەم کۆمەڵانە وا دەڕواننە بەشداربوون وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەدەرخستنی بیرە نەتەوەیی و ئاینییەکان، و بەشداری پێ کردنی بزووتنەوەکەیان لەناو سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا، تێبینی دەکرێ کە ئەم جۆرە بەشداربوونە خزمەتی رۆشنبیری سیاسی لاوەکی دەکات و پشت بە کەناڵی تایبەت دەبەستێت بۆ پێگەیاندنی سیاسی، زۆربەی ئەم جۆرە بەشداری کردنە شێوەی توندوتیژی و ململانێ لەگەڵ رێکخستنی سیاسی وەردەگرێت.

٥- بەشداری سیاسی و ترسان لە دەسەلات.

ئەم جۆرە بەشداری کردنە لە هەندێ دەوڵەتانی جیهانی سێ یەمدا، هەیە بەتایبەتی لەلایەن چینە تەقلیدی و نەخوێندەوارەکان، تاکەکانی ئەم گروپانە وا سەیر دەکەن کە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و راپرسی و دەرچوون بۆ خۆپیشاندان و بەشداربوون لە کۆبوونەوەکان کە دەوڵەت بانگهێشتی دەکات، فەرمانی دەسەلاتەو ئەم فەرمانانە لە دەسەلاتی بەرزەوە دەرچوو و دەبێ ملکەچی بن، واباوەڕدەکەن کە خۆ دوورخستنەوە لە بەشداری کردن-وەک دەنگ نەدان لە هەڵبژاردنەکان- هاوشێوەی بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتەوە هەڵوێستی دوژمنانەیەو، دەسەلات بەمە دەزانێت لەوانەیە سزا یان بدات بۆیە پەلە دەکەن لە بەشداریکردن ئەمەش لە ترساندا.

٦-بەشداری سیاسی بۆ داواکردنی پلەوپایە یان پێگەیەکی وەزیفی باشتر، زۆرێک لەلاوان لەگەڵ دەسەلات و دامودەزگاکانی بەدوای ئەو شوێنانەوەن کە کاری خۆش و قازانجی تیایەوە دەگونجێ لە هیواو ئارەزووەکانیان، بۆیە بە حەماسەتەوە دەچنە ناو کاری سیاسی بۆ ئەوەی بتوانن هیواو ئارەزووەکانیان بهێننەدی جا یان گەیشتن بێت بە پەرلەمان یان سەرکردایەتی پارتێک لە پارتەکان تاوەکو بگەنە وەزارەتەکان.

٧-بەشداری سیاسی وەک سیاسەتێکی بەرگری دژی مەترسی چاوەڕوانکراو:

هاوولاتی هەیە گرنگی و بایەخ بە سیاسەت نادات تەنیا ئەگەر رووداوێک بەسەر ولاتدا هات کە هەڕەشە لە بەرژەوەندی و بەهاو بیرو باوەڕی ولاتەکە بکات ئەوە پاڵی پێوە دەنێت کە گرنگی و بایەخ بە سیاسەت بدات و تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە، بۆ نموونە بلاوبوونەوەی بیری رەگەزپەرستی و توندڕەوی و ئەگەری گەیشتنی بە دەسەلات، یان جووڵەی عەلمانییەکان و بەشداری کردنیان لە ژیانی سیاسی بەهێز، ئەگەر هەستیان کرد کە بزووتنەوە ئوسوڵیەکان لە

تەشەنەکردندان و کار لە رای گشتی دەکەن.

٨-بەشداریی سیاسی وەک دیاردەیەک لە دیاردەکانی هاوکاری خێزانی یان هۆزایەتی، بەشداربوو هیچ مەیلێکی سیاسی نییە، و ئارەزووی هیچ پلەوپایەیەکی سیاسی ناکات، و ئەندامی هیچ گروپێکی سیاسی نییە، بەڵام بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات بۆ نموونە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی برایەکی یان مامی یان خزمێکی نزیکی بکات بۆ سەرکەوتنی، ئەم جۆرە بەشداری کردنە بە کاتی دادەنرێت.

## سێیەم: شێوەکان یان کەناڵەکانی بەشداری کردن

شێوەو دیاردەکانی بەشداری سیاسی جیاوازن، دەکرێ دابەش بکرێن بۆ:

١-بەشداربوونی دامودەزگایی و بەشداربوونی رێکخراوە و بەشداربوونی سەربەخۆ یان تەنیایی، مەبەستمان لە دامودەزگایی رەسمی،، بەشداربوون لە رێگای رەفتارەکان و دامودەزگا رەسمی و هەمیشەییەکانی دەوڵەت دەردەکەوێت و روودەدات، بەشداربوونی سیاسی لە سەر ئەم ئاستە واتا ئەو بەرپرسە سیاسیانەی کە هەڵدەستن بە ئەرکە سیاسییە جێگرەکان، وەک سەرۆکی دەوڵەت و وەزیرەکان و پەرلەمانتاران و ئەوانەی جێبەجێکارن، و بەرپرسانی هۆکارەکانی راگەیاندن لە تەلەفزیۆن و ئیزگەو رۆژنامە یان بەشێوەیەکی تر ئەوانەی کە لەناو سیستەمی سیاسیدان، بەڵام بەشداربوونی رێکخراو، ئەو بەشداربوونە رێکخراوەیە لە چوارچێوەی دامودەزگاکان یان ئەو رێکخستنانەی کە شێوەی بازنەی پێگەیاندن وەردەگرن لەنێوان هاووڵاتی سیاسی و سیستەمی سیاسی، یان بەواتایەکی تر ئەو دەزگایانەیە کە هەڵدەستێت بە ئەرکی کۆکردنەوەو تێکەڵکردنی داواکارییەکانی و گوزارشت لێکردنی بەپێی ئەو شیکردنەوە رێکخراوەییە، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا و گواستنەوەی بۆ هەڵبژاردنی سیاسی گشتی لە چوارچێوەی بەرنامە دیاریکراوەکان، و لەو دەزگا و رێکخراوانە، پارتە سیاسییەکان، سەندیکاو کۆمەڵەکانی فشارن.

بەڵام بەشداربوونی سەربەخۆ، ئەوەیە کە هاووڵاتی بە سیفەتی تاک بەشداری بکات، هاووڵاتی لێرەدا سەربەستی رەهای هەیە بۆ دیاری کردنی جۆری بەشداربوونەکەی و پلەکەی، و سەرپشکە لە بەشداری کردن و نەکردن، هەندێ دەوڵەت بەشداربوونی تاک بەباشتر دادەنێت، و هەندێ دەوڵەتی تر وەک مەغریب- بەشداربوونی رێکخراوو

دامودەزگاکان بەباشتر دادەنێت.

٢- دەکرێ بەشداربوون دابەش بکرێ بۆ بەشداربوونی کاتی و بەشداربوونی هەمیشەیی و بەردەوام.

بەشداربوونی کاتی، ناوی دەنێین کاتی، چونکە کارێکی ئامێرییە کە تاک مومارەسەی دەکات لەیەک ماوەدا یان چەند جارێک لە بۆنە دیاری کراوەکان و لە دیاردەکانی ئەم جۆرە بەشداربوونە دەنگدانە لە هەڵبژاردنەکان و راپرسییەکان، ئەم بەشداربوونە زۆربەی ئەو کەسانەی کە چالاک نینە لە کاری سیاسی دەگرێتەوە، بەلام بەشداربوونی سیاسی بەردەوام و هەمیشەیی، ئەمە زیاتر گرنگی هەیە هەرچەندە ژمارەی ئەوانەی کە لەناویدان کەمە، وە لە دیاردەکانی بەشداربوونە لە پارتە سیاسییەکان و تێکۆشانی سیاسی جا لەمیانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بێت یان لە پێش هەڵمەتەکان یان دوای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بێت، بەشداربوون لە کۆمەڵەو رێکخراو و کۆمەڵەکانی فشار کە رۆڵ دەگێرن لە پێگەیاندنی سیاسی لەوانە چوونەرِیزی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی لاوان و ئافرەتان و، کۆمەڵە ئاینییەکان و، سەندیکاو بزاڤی قوتابیان و، بزووتنەوەکانی بەرگری لە ژینگەو، هەتا کۆمەڵە سیاسییە توندرِەوەکان و، کۆمەڵە بەرژەوەندیخوازەکان، و لێرەدا ئامارژە بۆ ئەوە دەکەین کە بەشداربوونی سیاسی لەمیانەی ئەم جۆرە رێکخستنانە زیاتر لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکان دەردەکەوێت کە دامودەزگاکانی کۆمەڵگاو چالاکییەکانی کۆمەڵگا بەدوو روکنی بنەرِەتی بۆ بنیاتی سیاسی دادەنێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەنالانەی کە هاوولاتی بەشداری تیادا دەکات و هەروەها مومارەسەی مافەکەی دەکات بۆ کارتێ کردن لە خاوەن بریاری سیاسی لەم خالانەدا کورت دەکەینەوە.

١- بەشدار بوون لە رێگای دەنگدان لە هەڵبژاردن.

دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان بە گرنگترین دیاردەی بەشداری سیاسی لە سیستەمە دیموکراتییەکان دەژمێردرێت و، راستەوخۆ دەنگدان بە دیموکراتییەتی نوێنەری دەبەستێت، بەواتای گەل مومارەسەی دەسەلات دەکات لە رێگایەوە نوێنەرەکانی هەڵدەبژێرێ، ئەمەش لە رێگای هەڵبژاردنەکان دەبێت کە سیستەم و جۆرەکەی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، بەلام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو دەنگەی لە هەڵبژاردنەکاندا هاوولاتی دەیدات (سەرۆکایەتی یان نوێنەران، گشتی یان

بەشـەکی) ئەوە پشکی تاکەکەسـە بۆ هاوولاتی لە بەشداری سـیاسـی، وەکـۆی دەنگە کۆکراوەکان کە دەبێتە زۆرینە، ئەوا گوزارشت لە ویستی نەتەوە دەکات.

هەرچەندە دەنگدان بە یەکێک لە گرنگترین کـەناڵەکـانی بەیەکـەوە بەسـتنی تاک بەسـیسـتەمی سیاسی دادەنرێت، بەڵام حوکم دان لەسەر ئەوەی کە تا چەند کارایی و راستگۆیی هەڵبـژاردن دەربڕی ویسـتی نـەتەوەیە و تا چەند رەوتە دیموکـراتیـیـەکـان راستگۆن بەتایبەتی دانپیانانی ئەوەی کە سندوقەکانی دەنگدان یەکلایی دەکاتەوە و قبوڵ کردنی بنەمای وەرگرتنی دەسەلات بە نۆرەو تا چەند هەڵبژاردنەکان پاکە، ئەمانە هەموو پەیوەستە بە سروشتی سیستەمی سیاسی.

٢- بەشداری کردن لە رێگای راپرسی گەل کە سیستەمە دیموکراتییەکان پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە بەشداری کردنە، کە وا بەباش دەزانێت پێش جێ بەجێ کردنی یاسایان ئیجرائاتێک کە بییگرێتە بەر رەزامەندی گەل بەدەست بهێنێت، هەندێ جار راپرسی بە ناچاری دەکـرێت و هەندێ جـاریش حکومـەت سـەربەسـتـە لە پەنابردنی بۆ راپرسی، نموونە راپرسی گـەل، لە سـاڵی ١٩٦٩ سـەرۆکی فـەرەنسی شـارل دیگۆل پرۆژەیەکی پێشکەش کرد و داوای راپرس گەلی کرد لەسـەر ئەم پرۆژەیە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو تا بزانێت تا چەند پاڵپـشـتی گـەل بەوە دەست دێنێت، وەکـاتێک ئەم پرۆژە زۆرینەیەکی پێویستی بەدەست نەهێنا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند.

٣- بەشـداری کـردن لە رێگای رەخنەگـرتنی گەل: ئەمـە جۆرێکە لە بەشـداربوون کە هەندێ سـیسـتـەمی سیاسی پەنای بۆ دەبەن لەو حـاڵەتانە کە دەسـتـوور دیاری کردووە، مـافی رەخنە گـرتن دەدرێتـە هـاوولاتیـان لەو یاسـایەی کـە لە پەرلەمـان دەردەچێت لە ماوەیەکی دیاری کراو، هەروەها مافی ئەوەیان هەیە کە دوای راپرسی گەل بکەن لەسەر یاساکە.

٤- بەشداربوون لە رێگای پێشنیاری گەل:

هەندێ لە دەسـتوورەکان مـافی پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسـایەک یان بیرۆکەیەک کە باش بێت بۆ ئەوەی بکرێتە یاسـایەک دەبەخـشـێتـە تاکەکان، وەخـسـتـنە بەردەمی هەر یەکێکیان بۆ ئەو لایەنانەی کە دەقی دەستووری لەسەرە.

٥- بەشداری سیاسی لە رێگای داواکردنی دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن، دەسـتوور ماف دەبەخشێتە هاوولاتییان لە رەخنە گرتنی هەڵبژاردنی هەندێ نوێنەر یان کۆمەڵەی

گشتی بەتەواوی، یان بەرپرسە گشتییەکان کە تانە لە پاکی هەڵبژاردنیان درابێت یان گومان وروژابێت لەسەر دەستوری بوون و یاسایی بوونی مومارەسەکانیان.

٦- بەشداری سیاسی بە پەنابردنە بەر هۆکارەکانی فشار:

وەک مومارەسەکردنی مافی مانگرتن یان هەڵسان بە خۆپیشاندان بۆ مەبەستە سیاسییەکان، یان یاخی بوونی مەدەنی، و هەتا پەنابردنە بەر توندوتیژی هەندێ جار دژی دامودەزگاکانی دەوڵەت یان رەمزەکانی، ئەم جۆرە بەشداری کردنە پەنای بۆ دەبردرێت کاتێک کەناڵە شەرعیەکانی تری بەشداری دادەخرێت.

٧- بەشداربوون لە رێگای کۆمەڵەکانی فشار:

هەندێ جار کەناڵە رەسمییەکانی بەشداربوون کاراو جددی نین، کۆمەڵێک لە هاوولاتیان کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە تەئسیر لە بڕیار دەران دەکەن ئەمەش لە میانەی پێکهێنانی کۆمەڵەی فشار (لۆبی) و جا راستەوخۆ فشار لەسەر سەرۆکی دەوڵەت و دەزگای یاسادانان (تەشریع) یان لەسەر دەزگای بیروقراتی دروست دەکەن، بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن لە بڕیاریان پاشگەز ببنەوە، لەو بڕیارەی کە دەریان کردووەو دژی بەژەوەندی ئەو کۆمەڵەیە.

لە نموونەی کۆمەڵەکانی فشار کە زۆر روون و ئاشکران لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ولاتە ئەوروپییەکان، لۆبی زایۆنی، یان لۆبی پیشەسازی سەربازی و، لۆبی تایبەت بەجووتیاران و کشتیاران، لۆبی تایبەت بە دامودەزگا ئاینییەکان و...هتد.

٨- بەشداری کردن لە رێگای رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، وەک کۆمەڵەکانی ئافرەتان و یەکێتییەکانی قوتابیان و کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان، و سەندیکاکان و کۆمەڵە ئاینییەکان، ئەم داموودەزگایانە بە کەناڵی گرنگی بەشداری سیاسی دادەنرێن کە کاردەکەن بۆ بەدەنگهێنانی رای گشتی بۆ فشار خستنەسەر حکومەت، بە جۆرێک ئەمەی دوایی هەزار حیسابی بۆ دەکرێت لەکاتی داڕشتنی بڕیارەکان، عادەتەن بەشداری سیاسی لەم کەنالانەدا کاراو چالاکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە قۆناغی پێشوو، بەهۆی ئەو رۆڵەی هەیانە بۆ تەئسیر کردن لە هاوولاتیان کە دەنگبدەن بەم حیزبە یان ئەو حیزبە، هەروەک زانراوە کە پارتە سیاسییەکان لەلایەک و سیستەمی سیاسی لەلایەکی تر هەر یەکەیان هەوڵدەداو تێ دەکۆشێ ئەم کۆمەلانە بۆ لای خۆیان راکێشن، یان بەلایەنی کەم بێ لایەنی یان دەستەبەر بکەن، هەروەها هەردوو لایان

هەوڵی دامەزراندنی گەورەترین ژمارەی ئەو کۆمەڵانە دەدەن.

٩- بەشداری کردن لە ڕێگای پارتە سیاسییەکان.

پارتە سیاسییەکان بە بنچینەکانی سیستەمی دیموکراتی دەژمێردرێن، و بەگرنگترین دامودەزگای سیاسی دادەنرێت کە زیاتر شێوازی دیموکراتی بە سیستەمی سیاسی دەبەخشێت و، بەبەردی گۆشە بۆ چوارچێوەی بەشداری سیاسی و کاراکردنی دادەنرێت، هەروەها پردی پێکەوە بەستنی نێوان هاوولاتی ئارەزوومەندی بەشداری سیاسی و دەسەلاتی سیاسییە، کە بڕیاری سیاسی دادەڕێژێ، لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا هەڵدەستێ بە ئەرکی کۆکردنەوەی داواکارییەکانی گەل و گوزارشت کردنی کۆمەڵەکی لە ویست و هەڵوێستی تاکەکەسی هاوولاتیان.

لەکاتی هەڵبژاردنەکان، پارتەکان (لە و سیستەمانەی کە بە فرە حزبی ناسراون) بە بزوێنەری سەرەکی پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنرێن، لە ڕێگای پارتەکان کاندیدەکان پێشکەش دەکرێن و بەرنامە سیاسییەکان و هەڵوێستەکان دیاری دەکرێن، هەروەک بەشداری دەکەن لە ئامادەکردنی رای گشتی و بەشداری پێ کردنی لە ژیانی سیاسی و هاندانی هاوولاتیان بۆ بەشداری سیاسی، ئەمەش بەهۆی هۆکارەکانی راگەیاندن و بنکە حیزبییەکان کە لە سەرجەم هەرێمەکانی ولاتدا هەیە، بەهۆی ئەو رۆڵەی کە پارتەکان دەیگێڕن لە بواری کاراکردنی بەشداری سیاسی، دەوڵەتان هاوکاری دارایی پێشکەش بەو پارتە سیاسیانە دەکەن کە لە هەڵبژاردنەکان بەشداری دەکەن ئەمەش بۆ خەرجی هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردن، هەروەک دەرگای هۆکارەکانی راگەیاندنی رەسمی والا دەکات لەبەر دەمیان بۆ ئەوەی بە ئەرکی پروپاگەندە بۆ کاندیدەکانیان هەڵسن، هەندێ دەوڵەت رەتی دەکەنەوە کە ڕێگای بەشداری سیاسی بدەن لەمیانەی خۆکاندید کردن بۆ هەڵبژاردن مەگەر ئەندام بێت لە پارتێک لەو پارتانەی کە دانپیانراوە.

ئەم پارتە سیاسیانە لە دەرەوەی ماوەی هەڵبژاردنیش رۆلیان بەردەوام دەبێت لە بەشداری سیاسی، بەشداری لە ژیانی سیاسی دەکەن لەمیانەی راکێشانی هاوولاتیان بۆ ئەندام بوونیان و هەروەها بەشداری پێ کردنیان لە ژیانی سیاسی، هەڵدەستن بە پرۆسەی بە سیاسی کردنی هاوولاتیان لەمیانەی کۆڕ و کۆبوونەوەو نەدوەو رۆژنامە تایبەتییەکانی پارتەکان.

*** بەشێکە لە کتێبی علم الأجتماع السياسی**